لە یادی پێنجەمین ساڵیادی ئەحمەد قایا

جەمیل شوانی

"کوردین... ئێمە کوردین تاکو دەمرین هەر کوردین...
"ئەحمەد قایا.

تا ئێستاش لەرەی ئاوازە چیایی‌و ئاگری‌و هەتاو ئامێزەکانت کە بۆ دوا جار لە کۆپنهاگن دەتچرین لە گوێچکەمدا دەزرنگێنەوە. هۆ ئەحمەدۆی جوانەمەرگ ئاوازەکانت هەوێنن بۆ نەوەکانی داهاتوو، پێگەی لە دایکبوونی ئاوازەکانت گرتووخانەکانی تورکیا بوون هەر بۆیە دەتچڕی‌و دەتگووت...

"مەیە بە دوای سۆراخی من لێرانە
بە دوام مەگەڕێ لێرانە دایەگیان
لەبەر دەرگای (زیندان) تاقیبی ناوی من مەکە ئێتر
تاڵەکانی قژت ئەستێرەیان تیا دەرکەوتووە
تووخوا لێیان مەکەرەوە! بەس بگریە دایەگیان.....
چاوەڕێم کە هۆ دایە
بەرەبەیانییەك هەر دەگەڕێمەوە

بۆ سارێژکردنی ئازارەکانت
هەر دێمەوە هەردێمەوە....."

بەڵام نەگەڕایتەوە بۆ باوەشی دایکی وڵاتت، بە ئاهو هەسرەتی نیشتیمانەوە سەرت نایەوە. ئەگەر تۆش وەکو برایم تاتلیسەس‌و مەعسوم قرمزیگول ترسنۆکی‌و بێدەنگیت هەڵبژاردایە، وە یان مارشی نەتەوەیی تورکیت بووتابایەوە لە ئێوارە خەڵاتی تورکان، ئەوا وولاتی تورکستانت بۆ دەکرا بە بەهەشت. ئەگەر لە ریکلامی تەلەفزیۆنێکی کورددیشدا بە باشووری کوردستانت بووتایە (کوزای ئیراك) واتە باکوری ئێراق ئەوە بۆیان وەردەگێڕای‌و دەیانکرد بە کوردستانی ئێراق.هێندە ڕێزت لێدەگیرا. هۆ.... ئەحمەدۆ .. لاوۆ..... دروودت لێ بێت سەد دروود.. ئا لەو ئێوارە خەڵاتەدا ئەو گورگانەی لە پێستی مرۆڤدا بوون ویستیان بە خەڵاتێك ئاوازی شۆڕشگێری‌و یاخی‌و مرۆڤدۆستی ئەحمەد قایا بێدەنگ بکەن، کەچی پێت گووتم "من کوردم‌و ئیتر لەمڕۆوە بە کوردی گۆرانی دەڵێم‌و کلیپ بە کوردی چێدەکەم، وە دەبێ دان بە واقیعی کورد لە تورکیادا بنرێت..." هەرکە ئەمەت فەرموو، ئیتر بوو بە ڕۆژی حەشر. ئەو گورگانەی بەناو هونەرمەند بوون لێت هەڵسانە سەرپێ‌و چەقو و چەنگاڵ بارانیان کردی، گورگە بۆزەکان لەدژی تۆ دەستیان بە لووڕەلوور کرد (مارشی نەتەوەیی تورك) یان گووتەوە. ئیتر بە هۆی ئەو ووتانەوە جەنەڕاڵەکانی تورکیا مۆری خیانەتی دەوڵەتیان پێوەنای‌و تۆش بە نادڵییەوە ڕووت لە هەندەران کرد. کەچی گەلای داری ژیانت لە هەندەران زوو هەڵوەری، مەرگ هەرزوو بوو بە ئاشنات، بە هۆی گرفتی دڵەوە بە جوانەمەرگی سەرت نایەوە. ئەم دڵە ماندوونەناسەت بۆ دواجار لە ١٦ی نۆڤێمبەری ٢٠٠٠ دا لە لێدان کەوت، لەبەرە بەیانییەکی زوودا ماڵئاوایی یەکجاریت لێ کردین، لە پاریس لە گۆڕستانی (pere – lachaise) دا یەڵماز گیونای‌و قاسملو و شەرەفکەندی باوەشیان بۆ کردیەوە، ئاخ.. ئاخ.. ئەحمەدۆ.... تۆ هەر لە دڵمانی تۆ هەر لە یادمانی.

*ئەحمەد قایا لە ساڵی ١٩٥٧ دا لە شاری مەلاتیە لە دایك بووە، لەسەرتای هەشتاکانەوە بە هۆی بیروباوەڕی چەپێتی گۆرانی شۆڕشگێری‌و ئاشتیخوازی گووتۆتەوە، چەندەهاجار کەوتۆتە زیندانەوە. پاش گەشەکردنی بزاڤی ئازادیخوازی کوردستان بە ڕێبەرایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان، ئیتر ئەحمەد قایا هاتە سەر ڕێچکەی داکۆکی کردن لەکێشەی کورد لە باکووری کوردستان.

سەردان‌و پێشوازی

*کاتژمێر ١٦ ی ڕۆژی ١١/١٤/ ٢٠٠٥ هەڤاڵ (ڕێکار ئەحمەد)، سکرتێری گشتی حزب بە یاوەری هەڤاڵ (هەژار زراری) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی‌و بەرپرسی کۆمیتەی پارێزگای هەولێری حزب، سەردانی بارەگای بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی کردو بە گەرمیەوە لە لایەن بەرێزان شوکروڵلا شێخانی سکرتێری بزووتنەوەو سەید ئەنوەر ئەندامی مەکتەب سیاسی بزووتنەوە پێشوازی لێکرا، لە دیدارێکی برایانەدا باس لە گۆرانکارییەکانی باشووری کوردستان‌و ناوچەکە کرا. هەردوو لا پێیان وابوو کە دەبێ پەلە لە یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکە بکرێ‌و دڵسۆزانەش ڕێگەچارەی گونجاو بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی‌و کێشەکانی جەماوەر بدۆزرێتەوە. هەردوولا جەختیان لەسەر پتەوکردن‌و قوڵکردنەوەی پەیوەندی نێوان هەردوولایەن کردەوە.

*کاتژمێر ١٦ ی ڕۆژی ١١/١٥/ ٢٠٠٥ هەڤاڵ سکرتێری گشتی حزب بە یاوەری هەڤاڵ (هەژار زراری) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، سەردانی بەرێز (عەلی حاجی حەمەدەمین) سکرتێری پارتی کۆماری کوردستان کردو بەگەرمیەوە پێشوازی لێکرا. لە دانیشنێکی برایانەدا کە بەرێزان (کانەبی) ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی کۆماری ئامادەبوون، باس لە پەیوەندی نێوان هەردوو لایەن کراو جەخت لەسەر هاوهەنگی‌و هاوکاری نێو لایەنە کوردستانییەکان کرایەوە.

*کاتژمێر ١١ ی ڕۆژی ٢٠٠٥/١١/١٧ بەبۆنەی کۆتایی هاتنی دووەمین کۆنگرەی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، کۆڕێکی وتار خوێندنەوە سازکرا، وەفدێکی حزبمان حزبی رزگاریی کوردستان کەپێکهاتبوو لەهەڤاڵان هوشیار عەبدولرەحمان و ئەمیری حاجی موحەمەد ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بەشداربیان تێدا کرد. لەم کۆبوونەوەدا نوێنەری زۆربەی لایەنەسیاسیەکان و بەرێز عومەر فەتاح سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئامادەببوون. بەم بۆنەیەوە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و نوێنەرانی هەموو لایەنە سیاسیەکان پیرۆزبایی خۆیان سەبارەت بە سەرکەوتنی دووەمین کۆنگرە بە کۆمەڵی ئیسلامی ڕاگەیاند و هیوای سەرکەوتنیان بۆ خواستن، لەم پێوەندییەدا شاندی حزبمان پەیامی پیرۆزباهی بە سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی پێشکەش کرد.

چەمکە نوێکانی زانستی سیاسەت

کتاب : بنیادهای علم سیاسەت

نووسەر : عەبدلرەحمان عالم ***وەرگێڕ: ئەمیری حاجی موحەمەد*** ***بەشی چوارەم***

D-جۆرەکانی دەسەڵات

دەسەڵات لەسەر ئەم چەند پایەی خوارەوە دەستەبەندی دەکرێت:

١-پایەی نفوز . دەسەڵات لەسەر پایەی نفوز گوزاری ، سێ‌جۆرە: هێز، سوڵتە،زیرەکی،. نفوز لەسەر پایەی هێز، ڕەفتاری کەسانیتر لە ڕێگای هێزی لەشەوە دەخاتە ژێر نفوزوە وەك زۆرانگرێك. کاتێ دەسەڵات لەڕێگای دەستور یان ڕاسپاردەوەبێت شێوەی سوڵتەی هەیە، بۆنمونە دەسەڵاتی پاك و دایك لەسەر منداڵەکانیان یان مامۆستا لەسەر قوتابیان.کاتێ کەسێ لەسەر ڕەفتاری کەسانیتر نفوز دەکات، بێ‌ئەوەی قرمی(نیەت) ئاشکرابکات زیرەکی پێ دەگوترێت، وەك ڕاگەیاندن یان ڕیکلامی بازرگانی.

٢- پایەی یاسایی. لەڕووی یاساییەوە، دەسەڵات دەکرێت بەدوو بەشەوە ڕەواونارەوا. دەسەڵاتی ڕەوا سێ حالەتی هەیە: دەسەڵاتی کاریزمایی. دەسەڵاتی یاسایی کە دەستور یان یاساکانیتر دەیدات، وەك دەسەڵاتی سوپا یان پۆلیس، دەسەڵاتی سوننەتی کەداب و نەریتی کۆمەڵگەیە، وەك دەسەڵاتی دایك و باوك یان مامۆستا. سەرچاوەی دەسەڵاتی کاریزمایی لە چۆنییەتی تایبەتدایە، وەك دەسەڵاتی مامۆستای‌ئایینی. دەسەڵاتی نارەوا دەسەڵاتێکە کۆمەڵگە ڕەتی دەکاتەوە، وەك چەتەو ڕاگران، دەسەڵاتی ناڕەوا بە دەسەڵاتی سەپێنەر کاردەکات.

٣- پایەی سوڕی (جریان) دەسەڵات. دەسەڵات لەسەر پایەی سورانی، لەوانەیە یەك لایەنە،دوولایەنە یان چەند لایەنەبێت. دەسەڵاتی دوولایەنە یان چەند لایەنە چەنەدانی(چانەزدن)ی پێ‌دەڵێن.

٤- پایەی جەمسەر. دەسەڵات لەم دیدگایەوە یان جەمسەرە یان بڵاوە. لەحکومەتە دەسەڵاتە جمسەرەکاندا، هەموو دەسەڵاتەکان کۆکراوەتەو لە ژێر ڕکیفی حکومەتی مەرکەزیدایە، بەڵام لە حکومەتی فیدراڵیدا دەسەڵات بڵاودەبێتەوە لە هەرێمەکاندا و هەر دەمەزراوەیەك دەسەڵاتی یاسایی خۆی هەیە.

٥- پایەی سەرزەمینی. لەسەر ئەم بناغەیە دەسەڵات دەتوانێ خۆجێی، یان نیشتیمانی یان نێونەتەویی بێت.

٦- پایەکانیتر. چەند پایەی‌تر بۆدەسەڵات دانراوە: لەسەر پایەی ئاشکرایی، دەسەڵات بەشاراوە و ئاشکرا دابەش دەکرێت. لەڕووی زۆرەملێ وە، دەسەڵات یان زۆرە ملێ یە یان بەخواستە. لەڕووی فەرمییەوە، یان نافەرمی. لەسەر پایەی بەکاربردن، لەوانەیە دەسەڵات ڕاستەوخۆ یان ناڕستەوخۆ،بەمەبەستەوە بێت یان بێ مەبەست. دەسەڵات دەتوانرێ بە سێ جۆری تر دابەش بکرێت : دەسەڵات لەسەر بنەمای زۆر،دەسەڵات لەسەر پێدانی پاداشت و دەسەڵات دەسەڵاتی خۆڤاوکێشەکردن. دەسەڵاتی زۆرداری، بۆ بەدەستهێنانی ڕازی بوونی خەڵك، هۆکاری لەش بەکاردێنێ یان هەڕەشەی هێزی لەشی دەدات. دەسەڵاتی پێدانی پاداشت، پاداشتە مادییەکان بەکاردێنێ. دەسەڵاتی هاوکێشەکردن نیشانەگەلێك بەکاردێنێ نەهەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی لەش و نەپاداشتە مادییەکان بەڵکو نفوز دەکاتە سەر خەڵك تا لەگەڵ ڕێکخراوە یان سازمانەکەدا خۆی یەکسان بکاتەوە خەڵك وابیناسن،خەڵك والێدەکات کە بەرژەوەندی ئەو کەسە بە بەرژەوەندی خۆیان بزانن. دابەشکردنێکی دیکە هەیە:

١- کەسی خاوەن دەسەڵاتی ڕەوا. دەسەڵاتی ڕەوا شێوەیەك دەسەڵاتی بێ واستە یان(گروپیەو کەسی نییە)

٢ - دەسەڵاتی تاکی بوون یان(دەسەڵاتی کەسی)، دەسەڵاتی ڕێخراو، یان دەسەڵاتێ لەسەر پێکهاتووەکان دامەزراوبێت.

E - ئەندازەگیری دەسەڵات .

مەسەلەی گرنگ و ئاڵۆز ئەمەیە کەلە چ ڕێگایەکەوە دەتوانرێ بزانرێ تاك یان گروپی بەکارهێنەری دەسەڵاتی سیاسی، ئەم کارە چۆن ئەنجام دەدەن و چۆن ڕادەی دەسەڵات ئەندازەگیری دەکرێت.لەم بارەیەوە هەندێ ڕێنمای گشتی هەیە. بەباوەڕی (دال)، دەسەڵات دەتوانرێ لەسەر پایەی مەزنی، دابەشکردن،مەیدان و گشتگیری باسیار (توصیف) بکرێت. ئەو چوار شێوازەی بۆ ئەندازە گیری دەسەڵات داناوە:

١- ئەندازەگیری لەسەر بنچینەی ڕێ‌وشوێنی فەرمی یاڕیچی.

٢- هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتی یاڕیچی بەهۆی دەزگای سەربەخۆ کەسانی دیارو بێ لایەن.

٣- مافی بەشداربوون لەبڕیاردان، سنوری دەسەڵاتێکی تایبەت دیاری دەکات.

٤- لێکۆڵینەوەی پەیکەلکاری (تتبیقی) چالاکییەکانی یاریچیان، ئەندازەگیری دەسەلاتی ئەوانە ئاسان دەکات. بەڵام ئەم شێوازانە تەنیا شێوازنین کە توێژەرەوان پشتی پێ دەبەستن. لەڕاستیدا، ئەندازەگی وردی دەسەڵاتی یەك تاك زۆر دژوارە، چونکە دەسەڵات لە شی کردنەوەی کۆتایدا وەسف کردنە. هەمیشە لەلابەلای دەسەڵاتەوە گوشار گەلێکی هەیە و لە خالێکدا کە فەرمانڕەوا تەنیا سەرۆك کوماری وڵاتە بەناو، لە ڕاستیدا یەك ئەفسەری پایە بەرزی سوپا دەسەڵاتی ڕستەقینە بەکاردینێ.

برتراندرسڵ، ڕۆڵی کۆتایی دەسەڵاتی ئاشکرا کردوە. ئەو لەو باوەڕەدایە کەیەکسانی دەسەڵات گرنگترە لەیەکسانی سامان، مەرجی ئازادی مرۆڤە. چەق بەستنی دەسەڵاتی سیاسی بە ئەندازەی چەق بەستنی سامان، هێزی داهێنانی مرۆڤ لەناو دەدات بەباوەڕی ئەو پەرەسەندنی دەسەڵات لەمەیدانی وڵات و نێودەڵەتی دا مەترسیدارە. ڕسڵ لایەنگری ڕێخستنی ژیانی سیاسی بە شێوەیەك بوو کە دەسەلات لە دەستی گروپێکی بچوکدا چەق نەبەستێ.

F-بەکارهێنانی دەسەڵات

دەتوانرێ چەند شێوازێکی جۆراوجۆر بۆ بەکارهێنانی دەسەڵات باسبکرێت:

١-هاندان. بەکارهێنەری دەسەڵات یان نفوز سەبارەت بەبابەتێك لەگەڵ کەسێ کەمەبەستی یەتی دەکەوێتە وتوێژەوە تاوەکو ڕاست و دروستی و بەکەڵك بوونی بەرنامەکەی بۆ بسەلمێنێ و قەناعەتی پێ بکات. کاتێ بەرانبەرەکەی قەناعتی کرد، خاوەن دەسەڵاتەکە دەکاتە ئامانجی خۆیی ونفوزی دەسەپێنێ. لەم شێوە بەکارهێنانەی دەسەڵات، پێویستە بەکارهێنانی دەسەڵات دژی خواستی کەسانیتر نەبێت بەڵکو وەڵام دانەوەی بەرامبەرەکەی دەبێ باش بێت، یان لەگەل ئامانجەکانی نفوزگوزارا پێچەوانەبێت. زەینی کەسەکە لەوانەیە لەسەرەتادا نەیارنەبێت و پێویستی بە کارلێکردن هەیە تا قەناعەت بکات. کاتی‌واهەیە کەبەرژەوەندی کەسەکە لەگەڵ ئامانجی بەکارهێنەر دەسەڵاتدا دەگونجێ.

٢- پێشنیاری پاداشت. بەکارهێنەر دەسەڵات بەلێن بە بەرامبەرەکەی دەدات ئەگەر لەگەل خواستیدا ڕەزامەندی هەبێت پاداشتی پێ بدات. ئەم جۆرە پاداشتانە دەتوانێ بەهەر جۆرێك بێت و سیاسەتە ناوخۆیی و نێو دەوڵەتیشدا بەکاری دەهێنن. ئەم پێشنیارانە لە پارەوە بگرە تا پشتگیری کردن لە هەڵبژاردن، لەقەولی شوێن و مەقام تا گرێدانی پەیمانامەیان سرینەوەی سزای پێشوو دەگرێتەوە.

٣- پێدانی پاداشت. لەوانەیە ئەو کەسەی کە مەبەستی بەکارهێنەر دەسەڵاتە پێ داگری لەسەر وەرگرتنی پاداشت پێش ئەوەی لەگەڵ بەکارهێنەردا ڕێککەوێ.

٤- هەڕەشەکردن بەسزادن. دەسەڵاتدار هەرەشە لە بەرامبەرەکەی دەکات گەر لەگەل ئامانجەکەیدا نەگونجێ زیانێکی پێ دەگەیەنێ. ئەم جۆرە هەڕەشانە لەوانەیە بە زیندانی کردن، تێکدان، بڕینی مووچە، بێ‌بەش کردن لە چالاکییەکان یان تەنانەت بەکارهێنانی زۆرەملێ بێت. لێرەدا ئەوە گرنگە کە ئەم هەڕشەیە هێشتا بەکردەوە ئەنجام نەدراوە، و کەسی مەبەست لێکراو لەترسی ئەو هەڕەشانە ناچارە مل کەچی خاوەن دەسەڵات بێت و بەو جۆرە ئەو دەیەوێ ڕەفتار بکات. جالەبەرئەوەی دەبێ هەڕەشە ڕاست و جێ‌ی باوەڕبێت، واتە کەسی هەڕەشە لێکراو دڵنیا بێت لەوەی کە ئەگەر لەگەل خواست و ئامانجی دەسەڵاتدا نەگونجێ، سزا دەدرێت.

٥- توشکردنی سزادانی بێ توندوتیژی. دەسەڵاتدار هەڕەشەگەلێك دەکات لەپێشەوە کە هێزو توندوتیژی تێدا نییە بۆ سەرنچ ڕاکێشانی کەسی مەبەست لێکراو.

٦- فەرمانی کەسی خاوەن دەسەڵاتی ڕەوا.دەسەڵاتی ڕەوا شێوەیەك لە دەسەڵاتی، فەرمانەکانی کەسانی خاوەن دەسەڵاتی ڕەوا بەشێوەی ئاسای لەلایەن کەسانی پلە نزمترەوە ئەنجام دەدرێ. بۆ نمونە سەرۆك کۆمار فەرمانگەلێك دەداتە وەزیرەکانی خۆی و چاوەڕێی جێ‌بەجێ کردنیەتی لەلایەن ئەوانەوە. ئەمە وا پیشاندەدات کە یەك ڕێگای بەکارهێنانی نفوز، هەوڵدانە بۆ بەدەستهێنانی شوێنی پایە بەرز و مەقامی بڵند کە لەو شوێنەوە فەرمانگەلێك دەردەکات و کەسانی تر گوێڕایەلی بن و ئەم هەوڵدانە زیاتر گەیشتن بە مەقامی سیاسییە. هەرچی پلەو پایە بەرزتر بێت دەسەڵاتی زیاتر لەدەستیدایە و دەتوانێ بەکاری بهێنی.

٧- بەکارهێنانی هێزو توندوتیژی.

دەسەڵاتدار لەبەرانبەر کەسی جێی مەبەست توندوتیژی بەکاردەهێنێ، دەوڵەت هێرش دەبا بۆ دەوڵەتێکی تر. سەرۆك کۆمار بۆ سەرکوت کردنی خۆپشاندەکان پۆلیس بەکاردەهێنی، هێزی سوپا شۆڕشێك کپ دەکاتەوە، پیاو کوژان دەنێرێ بۆ کوشتنی نەیارێکی سیاسی، هەموو ئەمانە نمونەن بۆ بە کارهێنانی لایەنی دەسەڵاتدارەوە. بێگومان توندو تێژی کاتێ بە کار دەهێندرێت کە هەموو ڕێگاکانی تری دەسەڵاتدار ڕوبەڕووی شکست بووبێتەوەو ئامانجی دەسەڵات ئەمەنە گرنگە کە بەکارهێنەری دەسەڵات گوێ نادا لە دەر ئەنجامە خراپەکانی توندو تێژی کە چ کارەساتێکی لێدەکەوێتەوە.

دەسەڵاتی ڕەوا (ئۆتۆ ریتە)

زاراوەی دەسەڵاتی ڕەوا لە ریشەی لاتینی (ئۆتو ریتە) ، کە لە ئەنجومەنی پیرانی (سنا) (ڕۆم) هو وەرگێراوە. چەمکی دەسەڵاتی ڕەوا لەگەڵ دەسەڵاتو نفوزدا پەیوەندی نزیکیان پێکەوە هەیە. دەسەڵاتی ڕەوا بە واتای دەسەڵاتی یاساییە. دەسەڵاتی ڕەوا دەسەڵاتێکە لەسەر ڕازی بوون بنەما نراوە. (دال) لە ڕونکردنەوەیەکی دەسەڵاتی ڕەوادا گوتویەتی کە نفوزی ڕابەرە سیاسییەکان کاتێ بە هەق دەزانرێ کە بەرەو دەسەڵاتی ڕەوا غلۆر دەبێتەوە. بە باوەڕی ئەو: (دەسەڵاتی ڕەوا جۆرێکی تایبەتە لە نفوز، واتا نفوز ڕەوا دەبێت لە سیستەمە سیاسییەکاندا ڕابەرەکان هەمیشە هەوڵ دەدن کە نفوزی خۆیان بە شێوەی دەسەڵاتی ڕەوا پیشان بدەن). وە دەسەڵاتی ڕەوا یەکێ لە شێوازە زۆر کارەمەکانی نفوزەو نە تەنیا دڵنیاترو بەردەوامتر لە زۆرەملێیە بەڵکوو هۆکارێکە کە یارمەتی ڕابەر دەدات تاکوو بتوانێ بە کەمترین سوود وەرگرتن لە سەرچاوەی سیاسی بە ئاسانی حکوم بکات. ئیمکان نییە بتوانرێ پشت بەستن بە ترس‌و توقاندن حکوم بکرێت‌و لە دامەزراوە گەورەکانی ئەمڕۆی ژیندا ئەرکی خۆی بەسەرکەوتن ئەنجام بدات.. حکوم کردن بە یارمەتی دەسەڵاتی ڕەوا تێچوونی کەمتری دەوێ لە حکومەتی زۆرەملێ.

دەسەڵاتی ڕەوا پێناسەی جۆراو جۆری بۆ کراوە

(مك ئایوڕ) : دەسەڵاتی ڕەوا هەروەك دەسەڵاتی ڕووتی دەزانن، دەسەلات فەرمانە بە گوێڕایەڵێی کردن.

(هربرت سیمۆن): دەسەلاتی ڕەوا، مافی بڕیاردانە بۆ ڕێنمایی کردنی کارەکانی کەسانیترە دەسەڵاتی ڕەوا پەیوەندی نێوان دوو کەسە یەکی دەست چوو و یەکی بندەست.

(رابرت دال): دەسەلاتی یاسایی زۆر بە دەسەلاتی ڕەوا ناو دەبەن.

دائیرەی معارفی زانستی کۆمەڵایەتی: دەسەلاتی ڕەوا توانای خۆیی یان وەرگیراوەیە (اکتسابی) بۆ بە کارهێنانی زاڵبوون بەسەر یەك گروپدا. دەسەلاتی ڕەوا وەدەرخستنێکی دەسەلاتەو نیشانە گوێڕایەلی‌یە.

دەسەلاتی ڕەوا بەو دەسەلاتە دەزانرێ کە لەگەڵ زنجیرەی پلە داری پەیوەندیەکانی خەڵکدا هاورێیە، و کەسانێ کە بالادەستن دەتوانن فەرمان بدەن بەو کەسانەی کە پلەو پایەی نزمتریان هەیەو ناچاریان دەکەن بە گوێڕایەڵی. ئەم دەسەلاتە دوو لایەنی هەیە: یەکێکیان هێزەو ئەوی دیکەش یاسا. دەسەلاتی ڕەوا لە وانەیە لەسەر ئەم یان ئەو لایەن یان تێکەڵی لە هەردوو بێت یانی هەم زۆرەملێ‌و هەم یاسایی. لە بارو دۆخی ئاساییدا کەسانێك کە لە خوارەوەی دەسەلاتدا قەراریان گرتووە بێ ئەوەی دەربارەی دەسەلاتداران بیر بکەنەوە گوێڕایەڵ دەبن، یان بە هۆی ئەوەوە کە باوەڕیان وایە ئەو فەرمانانە یاساییە. بەڵام لە کاتەکانی تردا لەوانەیە ژێر دەستان ئەو فەرمانانە جێبەجێ نەکەن، لەبەر ئەوەی بە بێ یاسایی دەزانن، جا لەبەر ئەمە دەسەلاتداران لەوە دەچێ هێشتا بە پشت بەستن بە کردەوەی هێز یان هەڕەشەی ژێر دەستان ناچاربکەن بە جێبەجێکردنی فەرمانەکان. دەسەلاتی ڕەوا ڕێکخراو و پێکهاتووە. ڕۆڵی دیاریکراو، لێپرسراوێتی، ئیمتیازو سەرچاوەی دیار دەداتە کەسانی پەیوەندیدار بە دەسەلاتی ڕەواوە یان لە بازنەی دەسەلاتی ڕەوادا قەراریان گرتووە و تا ئەوکاتەی دەتوانن دەسەلات بە کار بهێنن یان کەسانی تر گوێڕایەلیان بێت کە لەو ڕێگەیەدا بەردەوام بن. ئەم کەسانە لە دەرەوەی بازنەی دەسەلاتی ڕەوادا هیچ دەسەلاتێکیان نییەو بۆ بەکارهێنانی دەسەلات دەبێ بە دوای ڕێگاکانی تردا بگەڕێن.